به ڕۆژ بچێته ڕاوێ
به تاژی و تفەنگ باوێ
ئارەق نەچێته توێڵی
بژی به حیزی و دێڵی
تەماح کاته خێزانی
جوانی ڕەعیەتەکانی
بێ ماندووبوون بێ هەوڵ
بپۆشێ چەکمه و کەوڵ
کەوا و پاتۆڵ، ئەسپی چاک
له دوارۆژ بێ ترس و باک
وەک کوردەواری نەبوو
نه بەگ بوو، نه بێگاری
نەک وەک کوردەواری:
جوتێری دەس قەڵشاوی
بەهرەی دێم و بەراوی
ئارەقی نێو چاوانی
خۆی و مناڵەکانی
ساڵ دوازدەمانگ ماندووبوون
دەرکەوێ تاریک و ڕوون
لەبەر بڵێسەی هەتاو
له دروێنەدا چەماو
به پشتی کووڕ هەتا شەو
تا لا به لای دەخەو
مناڵ هەر یەک گوێی کارێ

**تفەنگ باوێ= تفەنگ بتەقێنیت**
**توێڵ= نێوچەوان**
**ڕەعیەت= ژێردەستەکانی**
**چەکمە= پێڵاوی جوان و بەنرخ**
**خەمی داهاتوی نەبێ**
**جوتێر= جوتیار**
**بەهرە= سود، قازانج**
**تاریك و ڕون= دەمەوبەیان**

| | |
|---|---|
| بچن بژیشکی فێربن | **پژیشك= پزیشك، دكتۆر** |
| نە دەزانرا کە خوێندن | |
| بۆ ژیان و کار بژیوە | **بژیو=بژێوی، خۆراك** |
| کار بێ خوێندن هەتیوە | |
| نەیاندەزانی هەرکەس | |
| کەم بخوێنێ و بلێ، بەس | |
| ڕەنگە فێلی لێ بکرێ | |
| نیزیکە فریو بدرێ | **فریو= خەڵەتاندن** |
| بێجگە لە زۆر زانستی | |
| نەیان بوو پێداویستی | |
| نە دەرد و خەم نە کزی | |
| نە لە ژیان وەڕەزی | **وەڕەز= بێتاقەت** |
| کار کە نەدەما ئێوار | |
| لەهەموو سوقاقی شار | **سوقاق= زوقاق، کۆڵان ، کوچە** |
| دەنگی مووزیک بەرز بوو | |
| مووزیک هەزار تەرز بوو | **تەرز= جۆر، نەوع** |
| دەبوو بە بەزم و سەما | |
| جێگای کزی نەدەما | |
| قاقای لاوان و پیران | |
| خەمیان دەدا بەر شیران | **شیر= شمشێر** |
| تا نیوەشەو کوڕ و کاڵ | |
| دەچوونەوە بەرەو ماڵ | |
| لە خانووی خۆش و گەرما | |

| | |
|---|---|
| خانووی خاوێن و ڕووناک | |
| نەخۆشخانە داواکات | |
| بۆ چاری دەرد هەراکات | |
| بێژێ خوێندن پێویستە | **بێژێ= بڵێ** |
| ئەو کەسە کمۆنیستە | **کۆمۆنیست= شیوعی** |
| بە قانوون گوناهبارە | |
| جەزای حەپسە و سێدارە | **جەزا= سزا، حەپس= زیندان، سجن** |
| لە شەرعیشدا کافرە | |
| جێگای لەناو ئاگرە | |
| قانوون دیموکراتییە | |
| شتی وا باش هەر نییە | |
| لە ڕۆژهەڵات بەولاوە | |
| هەر ئەم قانوونە باوە | |
| خۆم بەختەوەر دەزانم | |
| ڕێکخەری قانوونتانم | |
| جا ئەی کۆمەڵی ئازاد | |
| ئەی دڵشاد بە عەدل و داد | |
| لە سایەی ئەم قانوونە | |
| ئێستا ڕۆژی یەکبوونە | |
| مل لێنێن ئازا و جەسوور | **جەسور= نەترس** |
| تەواوکەن کۆشکی بلوور | |
| زووی تێدا ڕۆبنیشین | **ڕۆنیشن= دانیشن** |
| کە زانیمان بێ ئیشین | |

| | |
|---|---|
| بیباتە مێرگی پاوان | پاوان= قەدەغە |
| بە دار لێی نادا بە قەو | |
| دەیباتە تەویلە شەو | تەویلە= گەوڕ |
| لە ترسی قوڕن و، گەنەی | قوڕن= قڕنو= زینەوەرێکە وەك گەنە وایە. |
| دەدۆزێ کلک و چەنەی | |
| هەر بکۆخێ لەسەرمان | بکۆخێ= بکۆکێ |
| دەیگاتە سەر بە دەرمان | دەگاتە سەری |
| تاژییەکی هەیە بۆ ڕاو | |
| لەبەر خەو چاو هەڵمساو | هەڵمساو= ئاوساو |
| کلک لە گەڵۆز، بۆگەن | گەڵۆز= ناوگەڵ |
| نان بێنن بۆ سەی ڕەسەن | |
| تا پایز بەخێو دەکرێ | |
| کەروێشکێ بگرێ و نەگرێ | |
| بەڵام مسکێنی هەژار | |
| پۆڵای پاڵەوان لە کار | |
| ئارەق ڕژێن و جووتکەر | |
| داس وەشێن و ڕەنج بەر | |
| بەننا و جۆڵای کوتاڵ چن | |
| فیتەری پۆڵا و ئاسن | |
| لەسەر هێزی کارگەر | کارگەر= کرێکار |
| زەوی گرتوویە لەنگەر | |
| چۆن وەک سەگی نەزانن! | |
| وەک مانگای لێ نەڕوانن! | |

| | |
|---|---|
| من زۆر بە گوڵمەز فێرم | **گۆڵمەز= گاڵتەوگەپ** |
| وەرن بۆتان بژمێرم | |
| ئەم ساڵۆنە زەلامە | **زەلام= زل ، گەورە** |
| بۆ ڕۆنیشتن جێگامە | **ڕۆنیشتن= دانیشتن** |
| ئەو ژوورە لێی دەخۆم نان | |
| ئەوەش بۆ قەننە کێشان | **قەننە=قەندە، نێرگەلە** |
| دیوی قاوەیە ئەوە | |
| ئەوەش جێی چێشتە خەوە | |
| هۆوەش حەرەمسەرایە | **هۆوە= هۆدە ، ژور ، حەرەمسەرا= ژوری ژنانی ماڵ** |
| سەد ژنێکی تێدایە | |
| عەیبە گوتەنیش، ئەوان | |
| بۆ بەزم و گاڵتەی شەوان | |
| بە ڕۆژ لە کاری ئێوەم | |
| شەویش تا ڕۆژ لەو نێوەم | **لەو نێوەم= لەو ناوەم** |
| ئەم ئەفەندییەی وا قۆزە | |
| وا بە دەعیە و بە پۆزە | |
| کۆمەگم دەکا بە بیر | |
| نێوم لێ ناوە ئەمیر | |
| ئەوەش کۆمەگە بۆ ئەم | **کۆمەگ= یاریدەدەر** |
| خۆتان ببژێرن سەرجەم | |
| سی چل گۆمەگ بۆ کۆمەگ | |
| هەمووی خان و ئاغا و بەگ! | |
| ئەمیان قاوەچی خۆمە | |

